کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-8-2007 1:15

**عوقدەی قیر... !! عومەر عەبدول**

زیاتر لە نۆزدە ساڵە ئێمەی هەڵەبجەیی سەری زمانمان وبنی زمانمان قیرِاندنە بۆ قیر، چاومان قیچ بو لە چاوەڕوانی قیرا و هەرچی قاڵە قاڵی دنیا هەیە کردمان بۆ قیر وهەمومان توشی عوقدەی قیر بوین و هەرچیەکمان لی ئەپرسی بە هەق وناهەق دەڵێین قیر، قیرو قیر... !!!

بینینی قیر، ڕێکردن بەسەر قیرا، هەر چیەك لە کۆتایدا بمانباتەوە بۆ سەر قیر. زۆر یێکمان قیرو بیرمانە لەسەر قیر، هەندێکمان پێمان وایە ئەمڕۆ یا سبەی قیر هەر دەکری و هەندێکیشمان بە مەحاڵی دەزانین قیر، یەخەی بەرپرسانمان گرت تا ئەندازەی قیرِە قیرِ بە سەریاندا .. !!، لۆمەی مەسئولەکانمان کرد ووتمان تکایە لەبەر خاتری ئۆتۆمبیلەکانی خۆشتان بی قیر.. !!، وتمان ئێمە قرِیان کردین لەبەر کورد بون ئێوە بە هیمەت بی یان بە قیمەت قیر.. !!

دەچوینەلای دکتۆر و تۆسقاڵی نەفەسمان تون ئەبو بەعەلاگەیەکی قەڵەو دەرمانەوە ئەینارنینەوەو ئەیوت قیر.. !!

قەسابەکان چەندین لاکیان بە قولاپەکانیانەوە هەڵواسیوە لە دەرەوەو پێی دەڵێی کاکە پیسە تۆزی بەسەرەوە ئەنیشی دایپۆشە با توشی سیل و سەرەتان نەبین، ئەڵی قیر.. !!

تکای ئەرزو ئاسمان لە سایەقەکان ئەکەین تۆسقاڵی هێواش برِۆن، سمێلی قیت ئەکاتەوەو پێت ئەڵی قیر.. !!

لە منالی ڕەنگ لە ڕو پەڕیو، گەنجی قۆزو بەدەماغ و هەر شتێك ئەپرسیتەوە یەکەم وەڵام ئاخر وەڵام پێت ئەڵی قیر.

نازانم قەرارە ئەم قیرە خوا برِیوە قاچی پیا نێین وقەدرمان بەشتی ترەوە بێت نەك قیر، کەچی ئەسەف هەمو مێشکمانی داگیر کردوەو هەرچی داڵغەمان هەیە بوەتە قیر.. !!

ناهەقم مەگرن ئەگەر تۆ لای من بژیایتایە و لێم بپرسییایت قەبر خۆشە یان قیر، لەوانەیە مەیلت بەلای قەبرا برِۆشتایە تا قیر چونکە زوتر قوچ دەبویتەوە بۆی.

ئەگەر جاران وامان بە لاوە باش بوایە بۆ سەرگڵکۆی شەهیدەکانمان قەفی گوڵ بهاتایە، ئێستا هەر کەسی دی دەڵێین بۆ خاتری خوا قیر بۆ خاتری ئەولیا قیر..

سەرتان نەیەشێنم یا خەو ئەبینم یا لەم ڕۆژانەدا بەم چاوانەی خۆم بینیم قیر، قیرێکی ڕەش و قەترانی هەر بە تەماشا کردنی قەیری دڵت خۆش ئەبی وهەرچی قال و قیلە خەریکە بیرت ئەچێتەوە، قوتابی و قەنەفە فرۆش و قەزوان فرۆش،

قەزازو بەزاز، قەپات و مەپات، قازی وقەواڵەچی هەمو دڵمان ئەگەشێتەوەو قەول و قەرارێکیش هەیە گوایە دوای قیرەکە قورِی زستانیشمان بۆ چارەسەر ئە کەن. چۆن خوا نایە بە هانامانەوە برِوا بکەن بۆقەکانیش ئەم چەند ساڵە حەوتی ژێر (ڕا) کەیان لابردوەو ولە جیاتی قیرِ هەر وتویانە قیر.

ئێستا ئیتر دوای نۆزدە ساڵ لە قیرِە قیرِ وا خەریکە ئاواتەکانمان دێتە دی وکۆڵی دوعای خێرمان پێیە بۆ قەبرو قیامەتی ئەوەی وا لەم قاڵە قاڵە ڕزگاری کردین و چاوی ڕۆشن کردینەوە بە قیر. من تا ئێستاش نەمزانیبو قیر بەقەدەر قەڵەم و قەناسەش زیاتر قەدری هەیە، گرنگ ئەوەیە دوای ململانی و دەرگیریەکی سەخت و دژوار قیرەکەی حکومەت خەریکە قیرِمان ئەبرِی وبەزمانی حاڵ پێمان ئەڵی: قیرەکەی من زۆر چا ترە لە قیرِە قیرِەکەی ئێوە، چونکە قیرِەکەی ئێوە سپیش بی هەر ڕەشە، بەڵام قیرەکەی من ڕەشیش بی هەر سپیە، قورِاو قوپ... قیر.. !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!

Umarabdul_2006@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.